# جەماوەری ناڕازی کەلار، لە پێناو دابینکردنی خزمەتگوزارییەکاندا، درێژە بەخەباتی خۆیان دەدەن!

دوێنێ ڕیکەوتی 2005/9/7 جەماوەری ناڕازی شاری کەلار، لەپیناو دابینکردنی خزمەتگوزارییە مەدەنیەکاندا لە ئاوو کارەباو شەقامی قیرتاوکراو هەروەها لە دژی گەندەلی ئیداری کە لە شارەکەماندا شەبۆل دەدات، بە دەست پێشخەری "کۆمەڵەی بەمەدەنیکردنی کەلارو رزگاری" خۆپیشاندانێکی هێمنانەو شارستانیان بەرێخست بۆ بەردەم فەرمانگەی قائیمقامیەت لەکەلار. پاش گفتوگۆیەکی درێژ خایەن لە نێوان نوێنەرانی خەڵك‌و قائیمقام دا، گفتوگۆکە بە هیچ شوینێك نەگەیشت‌و وە قائیمقام هیچ بەلێنیکی نەدا بۆ چارەسەری کێشەکان‌و ئەوەبوو قایمقامیش داوای لە نوێنەران کرد کە داوا لە خەڵك بکەن کۆتایی بە خۆپیشاندانەکە بهێنن‌و نوێنەرانیش ئەمەیان رەفز کردو پیٔیان گوت کە با خۆی قسە بۆ خەلك بکات. قائیمقام کە هاتە دەرەوە چوە سەربانی کۆشکی قائمقامیەت‌و بەدور لەخەڵك بەبێ بڵند گۆ قسەی کرد وکەس گوێی لە قسەکانی نەبوو ئەمەش زیاتر خەڵکی بێزار کردو قایمقامیش گوێی پیٔنەداو چوە وە ژورەوە، هەروەها خەلك لە ئەنجامی رق‌و کینەی کەلەکەبوی خۆیداو گوێنەدانی قائیمقام بە خواستەکانیان ئۆتۆمۆبیلی قائمقامیان بەرد باران کردو جامەکانیان شکاند. لەوەلامدا هیزەکانی پۆلیس‌و ئاسایش دەستیان دایە تەقەکردن لە خۆپیشاندەران‌و چەندین کەس لە م نێوەدا بریندار بون‌و کە حالەتی هەندێکیان خەتەرەو بەهیچ شیوەیەك لە نیو خۆپیشاندەرانەوە هیچ تەقەیەك نەکراوەو وەك پڕوپاگەندەی بۆ دەکرێت. پاش تیکچونی وەزعەکەو تەقەکردن لە خۆپیشاندەران کە قائیمقام‌و بەرپرسان لێی بەرپرسیارن ئەوەبوو شیرازەی خۆپیشاندانەکە گۆردرا بۆ پەلاماردانی هەندێ دامودەزگای تر وەکو بەرپەرچدانەوەیەك لە بەرانبەر تەقەکردنەکەو لە جەورو ستەمێك کە لەسەر خەلکی شارەکەیە بە دریژایی 14ساڵی رابوردوو کە لە دابین نەکردنی هیچ خزمەتگوزاریەك بۆ خەڵکی شارەکەمان خۆی دەبینێتەوە.

ئیمە لیرەو لەوێ لەهەندی رۆژنامەو دەزگای ڕاگەیاندنەوە، گوێ بیستی ئەوەین کە گوایا کۆمەلیك گەنجی ئاژەوە گێر خۆپیشاندانەکەیان تیکداوە، ئەمە پروپاگەندەیەکی چەواشەکارنەیەو بۆ بە لاڕیدا بردنی داواکاری خۆپیشاندانەکە خراوەتە گەڕ. ئەوەی ئاژاوەی دروستکرد، تەقەکردن لە خۆپیشاندەران بوو، وە ئەم کارە سەرکوتکەرانەو دژی ئازادییە، بەتەواوی ئاژاوەگیری دەخاتە ملی دەسەلاتدارانی گەرمیان‌و هیزی ئاسایش‌و پۆلیسەکەی. نەك خەلکی شاری کەلار کە لەپیناو خواستی خۆیاندا بەهیمنانە هاتونەتە مەیدان.

ئێمە وەکو کۆمیتەی کەلار، بە توندی ئیدانەی تەقەکردن لە خۆپیشاندەران دەکەین‌و داوادەکەین کە تاوانباران بدرێنە دادگایەکی ئاشکراو بە سزای ڕەوای خۆیان بگەن‌و لە هەمانکاتدا داوا دەکەین کە بەخیرایی لیژنەیەکی تەحقیقی پێك بهینریت لە نیوان نوێنەرانی خۆپیشاندانەکەو بەرپرسانی کەلار بۆ تاوتویکردنی ئەم ڕوداوەو بژاردنی زەرەرو زیانی هاوولاتیان‌و دەستنیشانکردنی تاوانباران‌و هەروەها بۆ جیبەجیگردن‌و سەرپەرستی کردنی پرۆژەکانی ئاوو کارەباو شەقامەکان‌و دابینکردنی خواستەکانی جەماوەری شارەکەمان. ئیمە لەم خەباتەدا لە گەل خواست‌و داواکانی جەماوەری ناڕازی کەلارو سەرجەم خواستە ڕەواکانی خەلکی کوردستاندا لیبڕاوانە خەباتی خۆمان دریژە پێدەدەین تاکو دابینکردنی خواستەکانمان.

**کۆمیتەی کەلار**

**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق**

2005/9/8